# هەڵسورانی ئەندامانی کۆمەڵە لە سەر ڕۆژی کرێکار  لە شاری ستۆکهۆڵم

بەبۆنەی [ 11 ] ی گۆڵان ( یەکی ئەیار) ڕۆژی هاوپشتی چینی کرێکارلە شاری ستۆکهۆڵم لە دوو شوێن کۆبونەوە و خوپیشاندانی جەماوەری و کرێکاری بەرێوەچو. یەکیان (Kungsträdgården) و ئەوەی کەشیان لە (Norrabantorget ) بو.

ئەندامانی کۆمەڵە لە شاری ستۆکهۆڵم لە هەردوو شوێنی خوپیشاندانەکە دا بەشداربوون، و سەبارەت بە سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە گەڵ سەدان کەس باس و لێدوانیان کرد و هەزاران لاپەرە لە نوسراوەکانی کۆمەڵە سەبارەت بە ئەوەڵی مانگی مەی بەزمانەکانی کوردی و فارسی و سوئیدی بڵاو کردەوە.

هەروەها هەڵسوڕانێکی تایبەت لە هەردووك شوێنی کۆبونەوەکان بەڕێوەچو بۆ بەرگری لە بەڕێوەچونی حوکمی ئیعدامی ئیسماعیلی محەممەدی. و هاوڕێیانی ئێمە سەبارەت بە ناڕەوابونی ئەو حوکمە و پێویستی هەڵوەشاندنەوەی لە گەڵ بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان قسەوباسیان کرد، و سەدان ئیمزای ناڕەزایەتی دژی ئەو حوکمە کۆکراوە کە بریار وایە بنێردری بۆ " ئەمنیستی " و هەروەها کۆڕ و کۆمەڵەکانی پاریزەری مافی مروڤ.


کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمیتەی سوئید

01-05-2005

Commite off komala in Sweden
Tel  :   0707151966
Postgiro :176311- 9
Adress  : B0x  5119  postnr  121  17
Johanneshov   Stockholm
E . mail : komala_sto@yahoo.se






